کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 22:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ کاک رزگار کۆچەر دەربارەی ( (ئافرەتێکی سۆزانی) ) ... وەئەوانەی بەرپرسیارن لەم کارەو پشتیان تێ کردوە ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

6-بەفرانبار-2706ك

وەك کوردێکی دوور وولات هەموو رۆژێك ئەگەرێم بەناو گۆڤارورۆژنامە و سایتە کوردیەکان دا بۆئەوەی ئاگاداری رووداوەکانی کوردوستان بم لەگەل ئەوەی دوورم لەسوزی دایکی گەورەم کوردوستان و دایکی بەرێزم دوور لەئارامگایی شەهیدان کەبەخوێنی گەشیان ئەم رۆژەیان هێنایە دی بۆکوردوستانیان و لێپرسراوی پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردوستان بۆخۆیانیان قۆستەوەو پشتیان کردە جەماوەر بەلام بەشێوەیەکی زیرەکانە وایان لەکوردوستان کردوە کە زۆرینەی جەماوەر ئاگاداری روداوەکان نەبن وەسەرقالی ژیانی رۆژانەیان بن.. وەبۆ گیرۆدەی هاولاتیان و دوور خستنەوەیان لەراستیە کانی ئەمرۆی کوردوستان هەر رۆژی بەجۆرێ دەهۆل لێ ئەدرێ و بەزمێکی تازە دروست ئەکەن بۆئەوەی جەماوەر سەری ئەوەیان نەپەرژێ ئاگاداری گەندەلی و بێ رەوشتی ( (فسادی ئیداری) ) و هەموو ئەوکارانەی ئەنجامی ئەدەن کەدوورە لە خزمەت کردنی کوردوستان و کوردوستانیان ئاگاداربن وە پێش برکێیانە لە خزمەت کردنی گیرفانیان و کۆکردنەوەی سامانی کوردوستان بەهەمووجۆرێ بۆخۆیان جگە لەوەی بەوەشەوە رانەوەستاون ئەو برە پارەیەی دابین کراوە بۆ کوردوستانیان 75% هەربۆخۆیان وپارتەکانیان دابەش ئەکەن؟ ( ( گەربێت و سەیری دەسەلاتی دیکتاتۆری گۆر بەگۆری سەدام بکەین لەگەل ئەوەی 95% سامانی عێراقی بۆخۆی و خێزانەکەی و کرینی هەموو جۆرە چەکێك بۆ لێدان و خامۆش کردنی هەموو داوا کاریەکانی جەماوەر بەکار ئەهێنا. بێجگە لەوەی کەخاوەن پیسترین فایل دیکتا تۆربوو لەسەر رووی زەمین لەگەل ئەوەش دا بۆ دەم کوت کردنی جەماوەر و ئاری گشتی ئەتوانم بلێم کەس وەك ئیستا برسی نەبوو) ) ) داوای لێ بوردن لە نوسەران ئەکەم دیکتاتۆرم بە نموونە هێناوەتەوە بلێم چی دەسەلات وای لە جەماوەر کردوە گەورەترین دوژمنی گەلەکەمان بە نموونە بهێنینەوە...

بەرێزم ئەونوسینەی بەرێز ت وزۆر لە کەسان ئەی نووسن دەربارەی لەش فرۆشتن یاخود هەندێ ئەنووسن لەسەر ئەوانەی کاری سکیس ئەکەن وەهەندێ جار ئەنوسن لەسەر ئەوکارە ناشرینانە وەك ( (کچ لەگەل کچ یا کور لەگەل کور) ) ئەم کردگارە لەسەر هەموو رووی زەمین هەیە وەلەزۆر وولاتان ئەورووپا ئەم کارە بەئاشکرا ئەکەن چونکە سستەمی دەسەلات رەزامەندی دەربریوە بۆئەوەی ئەو کارە بکەن وەلەگەل ئەوەشدا لەهەندێ شارو جێگا هەیە بە نهێنی ئەم کارە بێ رەوشتیە ئەکەن کەچی پۆلیس بەدوایاندا ئەگەرێن بۆ سزادانیان و دەست گیر کردنیان بەلام لەکوردوستانی ئێمە ئەم کارە نەلەیاسادا هەیە وەنەبەئاشکرا جێگایان بۆ دابین کراوە. لەگەل ئەوەش دا ئەم کارە زۆر کەم بوو ئەتوانم بلێم لەسالانی حەفتا کان و هەشتاکان دا لەم کارانە هەبوو بەلام بەهۆێ دلسۆزی بۆکوردوستان زوو هەولی لەناو بردنیان ئەدان ئەتوانم بلێم وەزۆر کەسیش ئاگادارە کەپێشمەرگە گیانی خۆی بەخت کردوە و هاتۆتە ناو شارەوە بۆ لەناو بردنی ئەم کارە بەد رەوشتیە بەلام جێی سەرسورمان ئەوەیە ئیستا سەرکردایەتی کورد لەناو شاردان و هێزی پێشمەرگە ئازادە بەلام ئەم کارە بێ رەوشتیە لەگەشەکردنایە؟؟؟ وەبەئاشکرا لەسەریان ئەنوسرێت و چاوپێ کەتن لەگەلیان ئەکرێت و هەندێ جا ریش وێنەشیان بلاو ئەکرێتەوە. وە لە زمانی ئەو خاوەن کردگارە ناشرینانە ئەلێن زۆرجار پۆلیس ئەمان گرێت و بەرەلائەبین ئەمە لەلایەکەوە وەلەلایەکی تریشەوە ئەلێن بۆیە ئەم کارەمان

گواستۆتەوە بۆ کوردوستان چونکە کەس نامان کوژێ وەناتوانین لە ناوەراست و باشوری عێراق ئەم کارە بکەین ؟؟؟

بەرێزم بەنووسینی بەرێزت و هەموو نووسەران ئەم کارە لەکوردوستان کۆتایی نایەت وەپێ ویستە لەسەر هەمووان کاری تری بۆبکرێت وە داواکاریی جەماوەر بەرز بێتەوە بۆ نەمانی ئەم کارە. چونکە ئەو نووسینانە زۆر کاری گەری هەیە بۆ زۆر خێزان و کەسانێك کە دەرونیان لەئاستێکی کەم دابێ و وە لەبەر تێکەڵاوی ئەو ئافرەتانە و لەناو بازارەکانی کوردوستان دا وبینینیان بەئاشکرایی جێی سەرسورمانی هەمووانە وە گەر وابروات ئەم رادەیە زۆر گەشە ئەکات لەکوردوستان دا هەموو تاوانەکەی ئەگەرێتەوە بۆ لێپرسراوان. وەئاشکراشە وەك لەزمانی ئەو لەشفرۆشانەوە بیستراوە کە زۆر ئافرەتان ئەهێنن بۆ ئاهەنگی تایەبەتی لێپرسراوان. وەبۆیە ئەم نوسینەم بەهۆی نوسراوەکەی بەرێزتەوە نوسیوە لام وایە ئەگەر لێپرسراوان یاریدەدری بەرێزت و زۆرکەس بن ئەم کارە لەکوردوستان کۆتایی دێ. وەبە پێچەوانەوە گەر وابروات ئەبێ لەکوردوستانیش وەك شارەکانی تری عێراق بکەونە کوشت ولەناوبردنیان ئەگینا ئەم بەد رەوشتیە وەك نەخۆشی سەرەتان وایە کەبڵاو بۆوە چارەسەری زۆر زۆر زۆر گران ئەبێ ئەی دەسەڵات دارانی کوردوستان؟؟؟